**(سوجده)** عەباس باڵەک

کلاو قاسم..
بەنی هەریر
لوتکەی تەپکی حەمەدەغا
شوناسی داستانی ئێمەن ،

شەهیدانی..
پشتی چەماوەی مامەڕوت...(*)
زیارەتی خۆشناوەتی و(*)
باڵە خانەی شیراتۆنم...(*)
سەربازێکی هەمیشە زیندوو بە پێوەن.

ئێمە واین و
..... وا ڕاهاتوین
لە بری شەراب
خوێنی یەکتر دەخۆینەوە .
لە جیاتی گوڵ
گولە لە سینگی یەک دەدەین.

ئێمە واین و
.......وا راهاتوین
هەرگیز لە یەکتر نەبورین،
تف لە ڕوخساری یەک دەکەین
لەبەر دەمی کورد کوژانی
تاران و شام و ئەنقەرە
دێینە سەرچۆک
کیلۆمەترێک سوجدە دەبەین.

Abas.n@web.de

*ئەو شوێنانەن کە خوێناویترین شەری ناوخۆیان لێ بەرپێوەچو